زمانی کوردی لەنێوان بایەخ پێدان و بێ بایەخکردندا

کازم عەباس عەلی

(١ - ٢)

دەروازەی باس

بەشێوەیەکی گشتی ڕێڕەوی دروستبوونی زمانەکان لەیەکتر دەچن، بەڵام هەندێک هۆکار جیاوازی دەخەنە نێوان زمانەکان لەڕووی پێشکەوتن و دواکەوتنی گەشە و گۆڕان و ڕێکخستنی ڕێزمان و ڕێنووس و بەستاندارکردن و بێ بایەخ بوون و بایەخ پەیداکردنیدا، ئینجا ئەگەر هۆکارەکان سروشتی بن، یان دەستکرد.

زۆربەی بیرمەند و شارەزایانی زمان کە بەدواداچوون بۆ دروستبوونی زمانەکان دەکەن لەو خاڵەدا کۆتایی بەباسەکەیان دەهێنن کە دەڵێن زمان کردەیەکی خوداییە، چونکە هەر خودای گەورە بەخۆی دەزانێ کە زمانەکان بە چ ڕێڕەوێکی گۆڕان و گەشە و بەپێی چ ڕێکەوتێک بارودۆخی دروستبوونیان بۆ هەڵکەوتووە، بۆیە ئەوەی گوتراوە و ئەوەی دەگوترێ و ئەگەر هەر چەندی تریش بگوترێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، بەڵام لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا، دەبێت ڕاستییەکی تریش لەبەر چاوبگیرێت، ئەویش ئەوەیە، کە خودای گەورە بوونەوەرەکانی خوڵقاندووە، هەر لە ئەزەلەوە وەک جیاوازی لەنێوان گیاندارە مرۆڤەکان و گیانەوەرە ئاژەڵەکاندا دوو تایبەتمەندی بە مرۆڤەکان بەخشیوە، کەچی بەهەمان ئاست و مەبەست و ڕێژە بە گیانەوەرەکانی نەبەخشیوە، ئەوانیش یەکێکیان هەبوونی ڕێژەیەکی زیاتری ئەقڵی و ژیری و هۆشمەندییە، ئەوی تریان پێشکەوتنی زمانی ئاخاوتنە.

زمان وەک ئەندامێک لە جەستەی بوونەوەرەکاندا (مرۆڤ و ئاژەڵ) لەپاڵ ئەو ئەرکەی کە هەیەتی، لەئەنجامدانی تاموبۆی خۆراک و هەڵگێڕ و وەرگێڕی خواردەمەنی، خودای گەورە بەو ئەقڵ و هۆشمەندییەی کە بە مرۆڤەکانی بەخشیوە، مرۆڤەکانی فێرکردووە کە هەمان ئەندام وەک ئامرازی ئاخاوتن بەکاربهێنن تا بەهۆیەوە

بتـوانـن دەرچوونی چەند دەنگێک لەقـورگـدا بگۆڕن بۆ وێنەی چەند پیـتێک - زمـانەکـان پێش بخەن و وشـەی زیاتر و بنەمای ڕێزمانی جیاواز دابهێنن، لەدەرئەنجامدا زمـــان بکەنە ئامـــرازێک بۆ ڕاڤـــەکـــردنی ئازادانەی بیـرکـردنەوە، یان کـاردانەوەیەک بەرانبـەر بەبارودۆخی نوێ(١) بۆ دەربڕینی پێداویستییەکان بەپێی مەبەست و ئێش و ئازار و خۆشییەکان.

ئێمەی مرۆڤ لەبنەڕەتدا هیچ جیاوازییەکی فیزیکیمان لەنێواندا نییە، چونکە خودای گەورە هەموومانی بەیەک ڕێچکە و هۆکار و شێوە خولقاندووە، بەڵام بەپێی گۆڕان و تێپـەڕبوونی سـەردەمـەکـان مـرۆڤـەکـان، هەندێک جیاوازییان لەنێوان خۆیاندا دروست کردووە.

بەپێی لێکدانەوە بیرساییەکان (لۆژیکییەکان) مرۆڤە سەرەتاییەکان بەجیـاوازی ڕەنگی پێست و ڕوخسار و سـیـمـا خـۆیان لەیەکـتـر جـیـادەکـردەوە، هاوڕەگـەز و هاوچارەنووسی خـۆیان هەر لەم ڕێگەیەدا دەناسـیـیـەوە، چونکە زمـانی پێشکەوتوویان نەبوو، بەڵکو لەشـێـوەی گیاندارەکان تەنیا لەکاتی ترس و برسدا چەند وشەیەک، یان دەنگێکی تایبەتیان بەکاردەهێنا، بەڵام بەتێپەڕینی کـات و سـەردەمـەکـان، قـۆناغ و هۆکـاری جـیـابوونەوەی مرۆڤەکان گۆڕاون، لەجیاوازی ڕەنگ و ڕوخسارەوە گۆڕا بۆ:

یەک: پەیڕەوکردنی بیروباوەڕە ئایینییەکان.

دوو: دروستکردنی سنووری نیشتەجێبوون بەهۆکارە سروشتییەکانی وەک ڕووبار و دەریا و زنجیرە چیاکان.

سێ: لەسەردەمی ئێستا و مێژووی نوێدا لەگەڵ ئەوەی جیاوازییەکانی خاڵی یەکەم و دووەم کاریگەرییان لەسەر جـیـابوونەوەی مـرۆڤـەکـان هەرمـاوە، بەڵام چەند جـیـاوازییـەکی تر شـوێنی جـیـابوونەوەی مـرۆڤـەکـانی گـرتووەتەوە وەک هەڵکەوتنی کـیـشـوەرەکـان و سنووری دەستکردی وڵاتان و جیاوازی ئایدیۆلۆجیا و هاوشێوەی سـیـسـتـمی حوکم گێڕان، لەگەڵ ئەمـانەشدا لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان جـیـابوونەوەی مـرۆڤـەکـان هەمـوو ئەو جیاوازییانەش تێ بپەڕێنێت، کاریگەری تەکنۆلۆجیا و جـیـهـانگیـری ئابووری و سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی، جـیـاوازییـە کـۆنەکـان بسـڕێنەوە و جـیـاوازی تر بەرهەم بهێنێت، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازییانە، هەر لەو کـاتەوەی کـە هەسـتی نەتەوەیی هەڵکەوتووە، زمـانە نەتەوەییەکان ڕۆڵێکی گرنگتریان لەجیاکردنەوە و نزیک کردنەوەی مرۆڤەکـان گێـڕاوە، چونکە هەر کـۆمـەڵێک مـــرۆڤ، زمـــانێکی جـــودایان بۆ دروست بووە، هەر زمـانێکیش نەتەوەی سـەربەخـۆ بەهەست و ڕۆشنبـیـری جـیـاوازی لێ پەیدا بووە، بۆیە ئێـسـتـا مـرۆڤـەکـان هاوشێـوەیی و هاوگـۆیی زمـانەکـانیـان دەکـەنە هۆکـار و پێوەری نزیک بوونەوە، جیاوازی زمانەکانیشیان دەکەنە پێوەر و هۆکاری لێک دوورکەوتنەوە.

نەبوونی دەسـەڵات وای کـردووە کـە زمـانی کـوردی هەرگیز پاڵپشتی دەسەڵاتی بۆ دروست نەبێت - زەمینەی چارەسـەرکـردنی ئاریشـەکـانی بۆ نەڕەخسـێت - نزیک بوونەوەی زاراوە و شـێـوەزارەکـانی بۆ نەگـونجـێت - ئەمـانەش بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێرەوی گەشە و گۆڕانی بەڕوونی دەرنەکـەوێت، بۆیە ئێـسـتـا وەک زمـانێکی سەرەکی لە شێـوەی چەند زاراوەیەکی بنەڕەتی و بەچەند شێوەزارێکی پەرتەوازە دەردەکەوێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کـە هەندێ کـەس وای لێک بدەنەوە کـە زمـانی کوردی زمانێکی نوێیە بە بەراورد بەزمانەکانی فارسی و عـەرەبی...تاد، بۆیە ئاریشـە زمـانەوانیـیـەکـانی بۆ بەسـتـاندارد بوون و ڕێزمـان و ڕێنووسـێکی یەکگرتوو چارەسـەر نابێت، بەڵام ڕاسـتـیـیـەکـەی زمـانی کـوردی زمـانێکی نوێ نییە، بەڵکو لە کۆنترین زمانەکانی ئەم ناوچەیە کـە پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەی زۆربەی زمـانناس و گـەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسـەکـان زمـانی کـوردی ئێـسـتـا مـیـراتگر و پاشماوەی ئەو زمانەیە کە پەیامبەر زەردەشت قسەی پێ کـردووە و بەر لە (١٣٠٠ تا ١٥٠٠) سـاڵ پێش زایین دەق و بنەمـاکـانی لە ئاڤـێـسـتـادا پێ نووسـیـوەتەوە، هەروەک مـینۆڕسکی دەڵێ ئەو زاراوانەی ئێـسـتـا کـە لەزمـانی کـوردیدا هەن گـشـتـیـان دەچنەوە سـەر ڕەچەڵەکێک، لەسەرچاوە و پایەیەکی بەهێز و کۆنەوە هەڵ دەقـولێن کـە ئەویش زمـانی مـاددەکـانە(٢)، ڕۆژهەڵاتناسی ناســـــراو دارمس تەتریش لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەزمـانی کـوردی، بەو باوەڕە گەیشت کە زمانی کوردی لقێکی زمانی ماددە(٣)، کـەواتە زمـانی کـوردی ئێـسـتـا درێژکـراوەی زمـانی میدییەکانە، زمانی میدییەکانیش ئەو زمانەیە کە دەقی ئاڤـێـسـتـای پێ نووسـراوەتەوە، هەر زمـانێکیش ئەگەر دەقی ئایینی پێ نووسـرابێت، دەبێت ئەو زمـانە سـوڕی گـەشـەی ئەوەندە کـۆن و پێـشکەوتووبێت تا بتـوانرێت بەهۆیەوە هەمـوو مـەبەست و بنەمـا ئایینیـیـەکـانی پێ دەربڕرێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە زمانی کوردی زمانێکی نوێ نییە، بەڵکو هەستی خۆ بەکورد

زانین و خاوەنداری لەزمانی کوردی بەهەستی نەتەوەیی بیرۆکەیەکی نوێیە بە بەراورد بەم نەتەوانە، هەر نەبوونی ئەم هەستەش بوو کە وای کرد نەتوانین تا درەنگانێک لەدوای ئەم نەتەوانە خاوەنداری لەزمانەکەی خۆمان بکەین و بەدرێژایی مێژووش نەتوانین دەسەڵاتی نەتەوەیی دروست بکەین.

داگیرکردنی خاکەکەمان هۆکاری زاڵبوونی زمانی داگیرکەران و نەڕەخسانی بارودۆخ بووە بۆ ئەوەی زمانی کوردی نەبێتە زمانی دەوڵەت و دەسەڵات، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانێکی کۆن و ڕەسەنە و لەسەر چەند کۆڵەگەیەکی پتەوی ڕێزمانی بنیادنراوە، بۆیە نەمردووە و نەتواوەتەوە، بەڵکو تەنیا زاراوە و شێوەزارەکانی لەیەکتر دوورکەوتوونەتەوە و ئاخێوەرانی بۆ یەکتر نامۆبوونە.

نەبوونی دەسەڵات و دابەشبوونی خاکەکەمان وای کردووە کە ڕێنووس و ئەلفوبێی نووسینیشمان لەیەکتر جیاببێتەوە، چونکە نەتەوەی داگیرکەر و زمانی باڵادەست بەپێوەری مەبەست و گونجان و تایبەتمەندی و بەرژەوەندی زمان و نەتەوەکەی خۆیان ئەلفوبێیان بۆ نووسین هەڵبژاردووە، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لەهەبوون و بەکارهێنانی پیت و دەنگە جیاوازەکان، لە دەرئەنجامدا ئێمەی کورد بەناچاری و لەڕێگەی سەپاندنەوە نووسین و ڕێنووسی کوردیمان لەگەڵ ڕێنووسی داگیرکەراندا گونجاندووە هەروەک کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە سەرەو ژێرەو بۆرەی عەرەبی بەلاسایی فارسی بەکار دەهێنن، کوردەکانی باکوور کە هەموو نووسراوەکانیان هەروەک تورک بەلاتینی دەنووسن و کوردەکانی سۆڤیەتی جاران بە ڕووسی، لەکۆتاییدا بەڕەچاوکردنی هەموو ئەو نەهامەتی و هەوراز و نشێوییەی کە لەمێژووی نەتەوەکەماندا هەیە، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە زمانەکەمان بەر لە هەموو پێناسەیەکی تری نەتەوەییمان، کەوتووەتە بەر شالاوی شێواندن و سڕینەوە لەلای داگیرکەرانەوە، زمانەکەمان بەبێ پاڵپشتی دەسەڵات و بەکارهێنانی لەپرۆسەی خوێندن و خزمەتکردنێکی سیستماتیکی ماوەتەوە، بەڵام داگیرکەران بەهەموو هەوڵ و کۆشش و پیلانەکانیان نەیانتوانیوە بیتوێننەوە، بەڵکو وەک زمانێکی ڕەسەن و سەربەخۆی ئەم ناوچەیە هەر ماوەتەوە، چونکە ڕەسەنترین و بەهێزترین بنەمای زمانێکی سەربەخۆی هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەسەر بناغەیەکی تۆکمە و بەهێز و سەربەخۆ بنەماکانی دروست بووە، چونکە بەرانبەر هەموو کاریگەرییەکان توانیویەتی خۆی بپارێزێت.

زمان و دەقە ئایینییەکان

دەقە ئایینییەکان لەپاڵ پێشخستنی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان وەک بەرنامەیەکی چاکسازی بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە هەڵسوکەوتی ئاژەڵانە لەهەمان کاتدا پاراستنی دەستەواژەی زمانەکانیشیان لەئەستۆ گرتووە.

یەکەم: لەمێژووی کۆندا هەبوون و خاوەنداری لە ئایینێک کۆڵەگەی دروستکردنی دەسەڵاتەکان بووە، چونکە:

ا- خەڵکیان لەڕێی پەروەردەکردنی پەیڕەوکەرانی ئایینەکە بەیەکتر دەبەستەوە.

ب- دەبووە سنووری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، چونکە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانی پێ دەناسرایەوە.

ج- لەشوێنی ئایدیۆلۆجیا و هەستی نەتەوەیی ئێستادا بووە.

ئەمانەش دەبوونە هۆی ئامادەکردنی خەڵک بۆ دروستکردن و خزمەتکردنی دەسەڵات و بۆ خۆپاراستنیان لەکاتی ترس و هەڕەشەی دوژمناندا.

دووەم: زمانی دەقە ئایینییەکان هۆکاری پێشکەوتن و گەشەی زمانەکان بوونە، چونکە:

ا- خوێندن و نووسینی پێ کراوە، بووەتە زمانی ئەو چینەی کە نوێنەرایەتی ئایینەکانیان کردووە.

ب- دەسەڵاتەکان خاوەنداریان لەو زمانە کردووە کە دەقە ئایینییەکانی پێ نووسراوە، کراوە بەزمانی داودەزگای دەسەڵات.

ئەمانەش دەبوونە هۆی ئەوەی کە خەڵکی خوێندەوار و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر و زانا و دانا بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات بەو زمانە پەروەردە بن کە دەقە ئایینییەکەی پێ نووسرابێتەوە، ئەم هۆکارانەش بەگشتی وایان دەکرد کە زمانی دەقەکان زیاتر گەشەبکەن، پێش بکەون، ببنە زمانی ئەدەب و نووسینەوەی مێژوو.

بەتێڕوانین لەدەرئەنجامی کاریگەرییە مێژووییەکان دەردەکەوێت کە زمانی دەقە ئایینییەکان کاریگەرییەکانیان فراوانتر و درێژخایەنترە لەو زمانانەی کە دەقی ئایینییان پێ نەنووسراوەتەوە، هەروەک زمانی عەرەبی بۆ نەتەوە موسڵمانەکان و لاتینی بۆ نەتەوە مەسیحییەکان، چونکە زمانی دەقە ئایینییەکان: زۆرترین تێکەڵبوونی دەستەواژەکانیان هەبووە بەسەر زمانەکاندا - هەردەم زاڵ بووە بەسەر پەیڕەوکەرانی ئایینەکە ئەگەر

زمانەکەشیان نەزانیبێت - دەستەواژەکانی ئەو زمانەی پارێزراوتر کردووە کە دەقە ئایینییەکەی پێ نووسراوەتەوە ئەگەر نەتەوەکانیشیان بێ دەسەڵات بووبوونایە، چونکە بناغە و تۆوی زمانەکەی بەزیندوویی دەهێشتەوە، هەروەک زمانی عیبری بۆ جوولەکەکان کە بۆ چەندان سەدە تەنیا لەسەر لاپەڕەکانی تەوراتدا مابووەوە، بەڵام دواتر بەهۆی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و پاڵپشتی دەسەڵات لە (١٩٤٨ ز) زیندوو کرایەوە، یان عەرەبەکانی ڕۆژئاوای نیشتمانی عەرەبی (جەزائیر و تونس و مەغریب) کە لەو کاتەوەی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکان زمانی عەرەبی وەک زمانی ئاخاوتن و لەدووتوێی لاپەڕەکانی قورئان و لە مزگەوتەکاندا مابووەوە، چونکە زمانی داگیرکەری فەرەنسی کرابووە زمانی داودەزگاکانی دەسەڵات، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی دەقی قورئان عەرەبی بوو، لەدوای سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت، وڵاتە عەرەبییەکان زۆر بەئاسانی زمانی ستاندارد و ئامادەیان بۆ گەڕایەوە، بەپێچەوانەی ئەو وڵاتە ئەفریقییانەی کە عەرەب نەبوون، زمانەکانیان هەروەک زمانی ئاخاوتنی ناوخۆ مانەوە، زمانی فەرەنسی جێگای زمانی ستاندارد و دەوڵەتی بۆ گرتنەوە، شارەزایانی مێژوو لەو باوەڕەدان کە لەناوبردنی دەسەڵاتی میدییەکان لەسەر دەستی کۆرشی هەخامەنشی بەر لە شەش سەدە پێش زایین (٥٥٣ پ، ز) هۆکاری ئەو ڕێڕەوە مێژووییەیە کە ئێمەی کوردی پێدا تێپەڕیوە، چونکە وا لێک دەدەنەوە کە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن فارسەکانەوە وای کرد کە فارسەکان ببنە خاوەنی مێژووی سەردەمەکان، لەگەڵ ئەوەی میدییەکان، پاشان کوردەکانیش لە دروستکردنی هەموو سەروەرییەکاندا بەشداربوون، بەڵام ڕاستییەکەی لەناوبردنی دەسەڵاتی میدییەکان بەتەنیا ئەو هۆکارە ڕەهایە نییە تا هەموو شکستە مێژووییەکانی پێوە ببەستینەوە، بەڵکو وەرگێڕانی ئاڤێستا کاریگەرییەکانی داگیرکردن و لەناوبردنی میدییەکانی گۆڕی، چونکە لە کۆن و ئێستاش، نەمانی دەسەڵات و داگیرکردنی خاک ڕووداوێک بووە لە قۆناغێکدا بەسەر زۆربەی میللەتان هاتووە، کەچی دواتر و لە قۆناغێکی تردا میللەتان توانیویانە خاکەکەیان ڕزگار بکەن و دەسەڵاتی خۆماڵی دابمەزرێننەوە، ئێمەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تر ئەم ڕووداوەمان بەسەردا هاتووە و قۆناغەکەمان بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ کاریگەرییەکان لەسەردەمە کۆنەکاندا دەردەکەوێت کە دوو هۆکار ڕێڕەوی مێژووی نەتەوەکانیان گۆڕیوە، چونکە بوونەتە مایەی سەرکەوتن و ئاوێنەی مێژوو بۆ دەرکەوتنی نەتەوەکان، ئەویش یەکێکیان هەبوون و خاوەنداری بووە لەدەقێکی ئایینی، ئەوی تریان هەڵکەوتنی سەرکردە دادپەروەر و زانا و دووربین و لێوەشاوەکان بوون کە کاریان بۆ سەرخستنی نەتەوەکانیان کردووە، ئێمەی کورد لەم دوو هۆکارە بێ بەش بووینە، بۆیە: نەمانتوانیوە سوود لەو دەرفەتانەش وەربگرین کە بۆمان هەڵکەوتووە - بەدرێژایی مێژوو نەبووینەتە خاوەن سەرچاوەی گەڕانەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت و یەکگرتنەوەی نەتەوەییمان - بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان بەگیروگرفتی زمانیشەوە.

وەرگێڕانی ئاڤێستا لەزمانی باختەرییەوە(کرمشانی)، واتە میدییەکان بۆ سەر زمانی پارسواکان، یان فارسی و گۆڕینی ڕێنووسی بزماری بۆ ڕێنووسی فینیقی، یان ئارامی لەسەردەمی داریوشی یەکەم (٥٢٠ پ. ز) (٤) هۆکاری سەرەکییە بۆ دواکەوتنی کورد و زمانەکەی و پێشکەوتنی فارس و زمانەکەی، چونکە وای کرد کە لەدواتردا هەموو دەرهاویشتە مێژووییەکان گۆڕانیان بەسەردابێت، چونکە ئەم وەرگێڕانە زمانی فارسی کردە زمانی خوێندن و نووسین و داودەزگای فەرمانڕەوایەتی، بووە هۆی ئەوەی کە لەدواتردا دەسەڵاتەکان بەناچاری و بە بەردەوامی خاوەنداری لەو زمانە بکەن کە دەقە ئایینییەکەی پێ نووسرابووەوە، چونکە خەڵک و عەوامی پێ پەروەردە دەبوو، ئەمەش وای کرد کە زمانی فارسی زیاتر بناسرێت و هەموو سەروەرییە مێژووییەکان بەناوی فارسەوە بڕوات، چونکە بووە هۆی ئەوەی کە زەمینەی گرتنە دەستی دەسەڵات بە بەردەوامی لە قۆناغەکانی داهاتوودا بۆ بەرژەوەندی فارس دەستەبەر ببێت، ئینجا ئەگەر دەسەڵاتدار فارس بووبێت، یان نەبووبێت هەروەک ساسانییەکان و زەندەکان کە لەکوردەکان نزیک بوون و سەفەوییەکانیش لەگەڵ ئەوەی کە تورکزمان بوون، بەڵام نەیانتوانی زمانی فارسی بێ بایەخ بکەن، چونکە لەکۆنەوە و لەدوای وەرگێڕانی ئاڤێستا، زمانی فارسی بایەخداربووبوو، لە پرۆسەی خوێندن و داودەزگای دەسەڵاتدا بەکارهاتبوو، بەو هۆیەشەوە سووڕی گەشەی ئەدەبی لە زمانەکە ڕووی دابوو، بۆیە بەڕادەیەکی زۆر زیاتر لە زمانە ئێرانییەکانی تر پێشکەوتووتر بوو.

ئەگەر ئاوێستا وەرنەگێڕرابووایە سەر زمانی فارسی، زەمینەی گرتنە دەستی دەسەڵات بۆ ماددەکان دەستەبەر

دەبوو نەوەک بۆ فارسەکان، یان وای دەکرد لە هەر کاتێکدا ئەگەر دەسەڵات بکەوتبایەوە دەستی کەسێک لە مادو نەوەی مادەکان، ئەو کەسە، یان سەرکردەیە دەیتوانی سەرلەبەری سەردەم و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکە بگەڕێنێتەوە سەر ناوی مادەکان، یان دەیکردە هاوبەشی ئەو مێژووەی کە ئێستا فارس تەنیا بە هی خۆی دەزانێت، بەڵام لەدوای وەرگێڕانی ئاڤێستا لەگەڵ ئەوەی چەندان دەسەڵات و بنەماڵە گۆڕان، نەوەی مادو نەوەی فارس دەسەڵاتیان تێدا گێڕا، کەچی هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانی لەزمانی ئەو ئایینە دابڕێت کە هەموو خەڵکی پێ پەروەردە کرابوو، خوێندەواری پێ فێر بووبوو، لەڕێی ئەدەبەوە گەشەی کردبوو، وەک زمانی دەسەڵاتداری ناسرابوو کە زمانی فارسی بوو.

وەرگێڕانی ئاڤێستا گرنگترین هۆکارە کە ڕێڕەوی زمان و مێژووی نەتەوەکەمانی بەم ئاقارەدا برد کە ئێستا دەیبینین، چونکە بووە هۆی یەکتر نەگرتنەوە و لاوازبوونی هەستی خۆ بەجیازانین بەرانبەر فارس و دەسەڵاتی هەر کەس و چینێک کە حوکمی بەسەر ئەو ناوچەیەدا گێڕابێت کە کوردنشین و بەخاکی کوردان ناسرابێت.

توانەوەی زمانەکان

لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا داگیرکردنی خاک و سەرکەوتن و خۆسەپاندنی کۆمەڵێک خەڵک بەسەر کۆمەڵێکی تردا بەمەبەستی سڕینەوە و تواندنەوەی زمانی یەکترنەبووە، چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بەهەستی نەتەوەیی لەئارادا نەبووە، لەهەمان کاتدا نووسینیش پارێزەری دەستەواژەکان نەبووە بۆ نەتەوەیەکی تایبەت بەو واتایەی کە ئێستا هەیە، چونکە بەسادەترین شێوەبووە، بەڵکو لەو سەردەمەدا بەکۆیلەکردنی پیاو و بەدەستهێنانی ئافرەت و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی یەکتر و فراوانکردنی سنوور بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانیان، سەرەکیترین مەبەست و ئامانج و بەڕەواجترین بازرگانی ئەو سەردەمە بووە، بۆیە تێکەڵبوونی شێوەزمان و ئاخاوتنە سەرەتاییەکان و توانەوەیان لەنێو یەکتردا بە هەر هۆکارێک بووبێت، وەک دەرئەنجامێکی ئاسایی تێکەڵبوون بەبێ هەستیاری نەتەوەیی بەشێوەیەکی سروشتی بووە، شێوەزمانێک لەنێو ئاخێوەرانی زمانێکی زۆرتر و دەسەڵاتدارتردا تواوەتەوە، پاشان بەتێپەڕینی سەردەم و کاریگەرییەکانی زمانی جیاواز و سەربەخۆ و پێشکەوتووتر لەڕووی بنەما ڕێزمانییەکانەوە هەڵکەوتووە و بەدەستەواژەی زیاتر دەوڵەمەندبووە، بەڵام لەدوای پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی و پێشکەوتنی نووسین و نووسینەوەی دەقە ئایینییەکان، توانەوەی زمانەکان گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە بەپێچەوانەی سەردەمی کۆن کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو.

زمان و نووسین

نووسین ئەو هۆکارەیە کە بەها و بایەخی زمانی گۆڕی چونکە:

یەک: لە مەبەستی تێکگەیشتنی ڕوو بە ڕووەوە بۆ مانەوەی بیری مرۆڤەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕا، ئەمەش وای کرد کە مرۆڤەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا زیاتر ئاگاداری چۆنیەتی بیرکردنەوەی یەکتر بن بە هۆی گۆڕانی گێڕانەوەی مێژوو لە زار و سینگ بەسینگەوە بۆ نووسین.

دوو: بووە هۆی ڕزگاربوونی ڕاستییە مێژووییەکان لە لەبیرکردنەوەوە بۆ بەبیرهێنانەوە - لە ونبوونەوە بۆ دۆزینەوە و پاراستن و دەرکەوتنی نهێنییە ڕابوردووەکان.

سێ: بووە هۆی ئەوەی کە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی زمانەکان لەداهاتوودا ڕوون و ئاشکراتر دەربکەوێت.

چوار: بووە هۆی پاراستن و بەخاوەنبوونی وشەی زمانەکان بەناوی نەتەوەکانەوە، چونکە دەستەواژە و تایبەتمەندی زمانەکانی پارێزراوترکرد، بۆیە لەدوای پێشکەوتنی نووسین هەرچەند زمانەکان تێکەڵاوی یەکتریش دەبوون، بەڵام لەتوانەوە و مردنی یەکجارەکی ڕزگاریان بوو، چونکە وشە و بنەما ڕێزمانییەکان هەر بەناو و خاوەنداری زمان و نەتەوەکان مانەوە، بەڵام وەک گریمانەیەک ئەگەر وا دابنێین کە نووسین نەبووایە، لەوانەبوو توانەوەی زمانەکان لەنێو یەکتردا تا ئێستاش بەردەوامی هەبووایە، چونکە هیچ زمانێک نەیدەتوانی بە بەڵگەی نووسین خاوەنداری لە وشەکانی خۆی بکات، بەڵکو بە بەردەوامی شێوەزمانێک لەنێو زمانێکی باڵادەست و دەسەڵاتدارتر و ئاخێوەری زمانێکی زۆرتردا دەتوایەوە.

ڕۆڵی دەسەڵات لەگرنگی پێدان و بێ بایەخکردنی زماندا

زمانی کوردی زمانێکە بەدرێژایی مێژووی دوو هەزار ساڵە بێ بایەخ کراوە، یان قەدەغەکراوە، چونکە بە

بەردەوامی خاکەکەی داگیرکراوە و بەسەر چەند وڵاتێکی جیاوازدا دابەش کراوە، ئەمەش وای کرد کە لە هیچ سەردەمێکدا زمانەکەمان نەکەوێتە ژێر سایە و خاوەنداری دەسەڵاتێکی خۆماڵی و سەرتاسەری و نیشتمانپەروەر و دووربین و بەئاگا لەگرنگی زمان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەهیچ کاتێکدا دەرفەتی خزمەتکردنێکی سیستماتیکی بۆ نەڕەخسێت وەک ئەو زمانانەی کە دەسەڵاتێک خاوەنداری لێ کردوون، بەڵکو هەردەم بەپێی پلانی باڵادەستان و داگیرکەرانەوە لەژێر هەڕەشەی بێ بایەخکردن و قەدەغەکردن و سڕینەوەدا بووە.

بیروباوەڕە ئایینییەکان کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی دەسەڵاتەکاندا هەبووە کە سەرەتا لەشێوەی میرنشینی بنەماڵەییدا بوون، پاشان گەورەبوون و بۆ شێوەی ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەتی خاوەن سنوور و یاساو ڕێسای تایبەت گۆڕاون، بەڵام لە مێژووی نوێدا بۆ دروستکردنی دەسەڵات، هەستی نەتەوەیی شوێنی بیروباوەڕە ئایینییەکانی گرتووەتەوە، یان ئایین کراوە بەکاڵایەک بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەکارهێنراوە، بەدیاریکراویش لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٨٩ز) چونکە لەم قۆناغەدا دروستکردنی دەسەڵات و دیاریکردنی سنووری وڵاتان بەپێوەری زمان و پێگەیشتن و پێ نەگەیشتنی هەستی نەتەوەیی لێک دەدرێتەوە.

بەپێی ئەزموونی پێشکەوتن و ڕێڕەوی گەشە و گۆڕان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زمان، بیرمەند و زمانەوانان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە هەموو زمانێک:

یەک: پێویستی بەبایەخی دەسەڵات هەیە تا بەهەستی نەتەوەیی زمانەکە شیرین و بایەخدار بێت لەلای ئاخێوەرانی.

دوو: پێویستی بە پاڵپشتی دەسەڵات هەیە بۆ جێبەجێکردنی بیروبۆچوونی بیرمەند و شارەزایانی تا زمانەکە پێش بکەوێت و بکەوێتە سەر ڕێڕەوی ڕێگە چارە بۆ ئەوەی شێوەی ستاندارد و زمانی سەرتاسەری نەتەوەیی وەربگرێت، چونکە بەپشتگیری دەسەڵات دەتوانرێت بیروبۆچوونەکان بسەپێنرێت.

سێ: پێویستی بەدابینکردنی پێداویستییەکان و ڕەخساندنی بارودۆخ هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ خزمەتکردن تا زەمینە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ئاریشەکانی زمان بڕەخسێنێت، چونکە لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هەر دەسەڵات لەتوانایییدایە بەمەبەستی خزمەتکردن پێداویستییەکان دابین بکات.

لەدوای پەیدابوونی هەستی نەتەوەیی، بایەخی زمان بۆ نەتەوەکان مەبەست و ڕەهەندێکی جیاوازتری وەرگرت، چونکە دەسەڵاتی نەتەوە سەرکەوتووەکان لەدوای بەکۆیلەکردن و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و سەپاندنی بەرژەوەندی ئابووری بەسەر نەتەوە دۆڕاوەکاندا ئەم جارەیان لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە هەوڵی سەپاندنی کولتووری خۆیان و تواندنەوەی زمانە ژێردەستەکانیان داوە، ئەمەش بەپێی بەرنامەیەکی بۆ دارێژراو بووە، لەڕێی بێ بایەخکردنی زمانی ژێردەستەکان لەداودەزگای دەسەڵات و قەدەغەکردنی لەپرۆسەی خوێندندا بووە، هەروەک حکوومەتی تورک کە لە ساڵی ١٩٢٤ دا یاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی دەرکرد، بەم شێوەیە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی هەر شتێک بەزمانی کوردی و فێرکردن بەو زمانە لەخوێندنگاکاندا بەتاوان لەقەڵەم درا(٥) لەهەمان کاتدا ڕەزاشاش لەئێراندا زمانی فارسی بەسەر هەموو زمانەکانی تردا سەپاند، لەنێویشیاندا زمانی کوردی، هەروەها لەدوای پەیدابوونی بیری شۆڤێنیزمی عەرەبیش، دەسەڵات لەسووریا دانی بەبوونی کوردو زمانەکەیدا نەنا، لەئێراقیش لەگەڵ ئەوەی دانی بەبوونی کورددا نابوو، بەڵام هەموو هەنگاوەکانی بەرنامەی بێ بایەخکردنی زمانی کوردی بوو وەک قۆناغێکی ئامادەکاری بۆ قەدەغەکردنی لەداهاتوودا.

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ قۆناغێکی گرنگە بۆ ئێمەی کورد، چونکە نیمچە دەسەڵاتێکی خۆماڵی لەکوردستانی باشوور دروست کرد، ئەمەش ئومێدێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناو بووە هۆی ئەوەی کە هەناسەیەکی ئازادی بەدڵ و دەروونی کورداندا بێت، بەئاواتی ئەوە بووین کە وەک میللەتان پاڵپشتی دەسەڵات بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردیش دروست ببێت، ئەو تەگەرە و بەربەستانەی کە لەڕابوردوودا داگیرکەران دروستیان دەکرد و دەیانخستە سەر ڕێگەمان بۆ خزمەت و پێشخستنی کولتوور و زمانی کوردی نەمێنێت، بەڵام بەداخەوە نەک هەروا نەبوو، بەڵکو زمانی کوردی بەدەستووری جاران وەک بەلەمێکی بێ سەوڵ، بەرنامە و بیرۆکەی چۆن هاتووە با هەروابێت بڕەوی پێ درا - لەجیاتی گرنگی پێدان بێ بایەخ کرا - بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی هەموو دەسەڵات و قەوارەیەکی تایبەت، زمانی نەتەوەیی و زگماکی کوردی بەڕێکەوت و بەچارەنووسی بێ بەرنامەیی سپێردرا- نەتوانرا ڕووداوی

ڕاپەڕین بکرێتــە قــۆناغی دابڕان لەنێــوان هەردوو ســەردەمــدا (پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین)، چونکە بەپێی ئەم بەرنامانەی خوارەوە، بیـر لەخـزمـەتکردنی زمانی کوردی کرایەوە:

یەکەم: خـزمـەتکردنی زمـانی کـوردی بەئاراسـتـەی چارەسەرەکردنێکی دوور مـەودا نەبوو، بەڵکو بەبێ پلان و بەبڕیاری کورتبینانە بوو.

دووەم: هەر شـێـوەزارێک بەتەنیـا لەجیـاتی زمـانی کــوردی بەگــشــتی پەرەی پێ درا، چونکە هەمــوو شـێـوەزارەکـان لەیەک ئاستی شـیـاوی و گـونجـاوی بۆ نـووسین دانـران، ئەمــــەش بـووە هۆی ئـەوەی: کـــە شـێـوەزارەکـان ببنە هاوبڕکێی یەکـتـر بۆ چارەسـەرکـردنی ئاریشـە زمـانەوانییـەکـان لەهەڵبژاردنی دەسـتەواژەکان و هەڵهێنجانی بنەما ڕێزمانییەکان لەکاتی نووسیندا.

سێیـەم: لەجیـاتی ئاشنایەتی و لێک نزیک کـردنەوە بناغەی لێک جووداکردنەوەی شێوەزارەکانی بۆ دارێژرا، ئەمــەش بـووە هۆی نـامـۆبوونی زیـاتری شـێـوەزارەکـان لەیەکتر، چونکە پرۆگرامەکانی خوێندن بەهەردوو زاراوەی کـرمـانجی ژوورو - خـواروو وەک دوو زمـانی جـودا مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

چوارەم: زمانی کوردی وەک زمانی ئاخاوتن سەیرکرا، کەچی ڕێزمان و زمانی دووەم زیاتر گرنگی پێ درا.

پێنجەم: قوتابی و خوێندکار و فێرخوازان بەفێربوونی زمــانی ترەوە گــۆش کــران، چونکە ناچارکــران، یان ئاسانکاری و بەرژەوەندی فێربوونی زمانێکی تریان بۆ ڕەخــســێنرا لەڕێگەی بایەخـدانی زیاتر بە زمــانە بیانییەکان.

شــەشــەم: بەرژەوەندی ژیان و گــوزەرانی ڕۆژانەی زۆرینەی خەڵک بەزمانی ترەوە گرێ درا.

حەفتەم: توێژینەوە زمانەوانییـەکان چۆن لەژێر دەستی داگیرکەران دەستی پێ کردبوو هەروەک خۆی مایەوە و هیچ گـۆڕانکارییـەکی ڕیشـەیی بەسـەردا نەهات، بەڵکو هەروەک جاران زمانی کوردی بەتایبەتمەندی شێوەزارەکان و زمـانێکی سـتـانداردی وەک عـەرەبی، ئینگلیـزی، فارسی، ڕووسی...تاد بەراوردی بنەما ڕێزمانییەکانی بۆ کرا، ئەمەش بـووە هۆی ئەوەی کە تایبەتمەندی زمانەکانی تری بەسەردا تاقی بکرێتەوە.

ئەگەر هەر دەسـەڵاتێک ئەم جۆرە بیـرکردنەوەیە بکاتە بەرنامـە بۆ خـزمـەتکردنی زمـانی نەتەوەیی، لەجیـاتی چارەســەری چەندان گــرفت و ئاریشــەی تری بۆ زیاد دەبێت، چونکە ئەم شێوە بەرنامەیە هەرگیز ئاسانکاری و زەمینەسازی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان ناکات، بەڵکو ئاریشەکانی زمان قووڵتردەکاتەوە.

ئێسـتـا ئەم بەرنامـانە بوونەتە هۆی ئەوەی کـە زمـانی کوردی لەپاشەگەردانییەوە بکەوێتە دۆزەخێکی تاریک، چونکە ڕەنگدانەوەی لەسـەر بیـرکـردنەوەی بیـرمـەندان و ڕێبـازی توێژینەوە زمانەوانییـەکـاندا هەبوو - لەجیـاتی نزیک بوونەوەی شــــێــــوەزارەکــــان، نامــــۆبوون و دوورکــەوتنەوەی زیاتری لێ بەرهەم هات - لەجیــاتی هاوبڕکێ بۆ خـزمـەت و پێـشـخـسـتنی زمـانی کـوردی، دژایەتیکردنی شێوەزارەکانی بەرهەم هێنا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاخێوەر و زمانەوانی بەرژەوەند ویست و شێوەزار پەرست و دژبەیەکی لێ بەرهەم بێت، ئەمـانەش کـارەسـاتن بۆ زمـانێک ئەگـەر هەوڵی یەکـخـسـتن و چارەســەرکــردنی ئاریشــەکــانی بۆ بدرێت، چونکە هەرگـرفـتـێکی دەکـاتە گـرێ کـوێرەیەک کـە لەدواییـدا کردنەوەی دەبێتە کارێکی مەحاڵ، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئێسـتـا بێ ئومـێـدی لە ڕێکخسـتن و چارەسـەرییـەکـانی زمـانی کـوردی جـێگەی هەمـوو هیـوایەکی گـرتووەتەوە، سـەرەکـیـتـرین پاسـاویش بۆ بەئاسـایی وەرگـرتنی ئەم خاڵانەی سەرەوە بەلای هەندێ کەسەوە ئەوەیە:

ا- کـە دەڵێن لەبەر ئەوەی هەمـوو کـوردێک زمـانی دایکی دەزانێت، بۆیە پێویست بەوە ناکات زمانی کوردی لەزمانەکانی تر زیاتر بایەخی پێ بدرێت، بەڵکو واباشترە کە تاکی کورد فێرە زمانی تر ببێت.

ب- کـە دەڵێن مـرۆڤ هەرچەند زمـان بزانێت ئەوەندە باشـتـرە، بۆیە بەپێـویست دەزانرێت کە تاکی کـورد فێـرە زمانی تر ببێت.

ڕاستییـەکەی ئەم پاساوانە بۆ زمانی کوردی وەک ئەو گـوتە وایە کـە دەڵێ ((قسـەیەکی حەق بۆ مـەرامێکی ناحەق = **كلمة** حق يراد بها باطل))، چونکە بۆ مەرامـە ناحـەق و نابەجێـیـەکـەیە -بۆ ئەو مـەبەسـتـەیە تا لەژێر سایەی ئەم پاساوەدا زمـانی کـوردی لەلای ئاخـێـوەرانی کـورد بێ بایەخ بکرێت و گـرنگی زیاتر بەزمـانی دووەم بدرێت تا بەئاسانی زمانی داگیرکەران و باڵادەسـتانی بەسەردا زاڵ بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئێسـتا هەندێ کەس بەم گـوتانە پەروەردەبوونە و گـۆش کـراون، بۆیە بەبێ ئەوەی هەست بە ترسناکی ئەم پاسـاوانە بکەن، بەرگـری لێ دەکەن.